یەکێتی خانەنشینانی کوردستان:داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات پابەند بێت بەیارەکانی دادگای فیدڕاڵی

یەکێتی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بە دواکەوتنی مووچە ڕایگەیاند، پێویستە بەیارەکانی دادگای فیدڕاڵیی عێراق جێبەجێبکرێن، داوادەکەین کە حکومەتی هەرێم و عێراق پابەندبن بە پێدانی ماف و شایستەکانی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.

ئاماژەی بەوەشکرد، داوا لە وەزارەتی دارایی هەرێم دەکەین کە هەماهەنگ بن لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق بۆئەوەی کێشەی مووچە چارەسەربکەن، چیتر بیانوو نەدۆزنەوە و میللەت نەکەن بە قوربانی ململان سیاسییەکانیان، بەڵکو چارەسەرێکی ڕیشەیی کێشەی مووچە بکەن.

ئاوەشی خستەڕوو، کێشەی ئێمە هەر مووچەی ئێم مانگە نییە، بەڵکو کێشەی ئێمە مووچە فەوتاوەکانی دیکەشە، لەگەڵ میکانیزمی دابەشکردنی مووچە و چەندین گرفتی دیکەی تایبەت بە خانەنشینان.